# حکومەتی هەرێم: کارتی مۆبایل و پارە بۆ تارا کەریم و سەزان شێخ کەمال مەنێرن

ئەمڕۆ یەکشەممە، فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ماوەیەک کەسک بە هەردوو ناوی ساختەی (تارا کەریم ئاغا - Agha Kareem Tara و سەزان شێخ کەمال بەرزنجی - Barznje Kamal Shex Sozan) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەتی مەسنجەری فەیسبووک، بە شێوەیەکی ساختەکارانە، بە ناوی سەرکایەتیی ئینجومەنی وەزیرانەوە، داوای پارە و کارتی مۆبایل لە خەڵک دەکات.

ڕاشیگەیاند، بە ئاگاداریی هەموو لایەک، ئەم کەسە ساختەکارە، دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە ئینجومەنی وەزیرانەوە نییە و لایەنە دادوەری و ئەمنییە پەیوەندیدارەکانیش ئاگادار کراونەتەوە کە کارەکەی یاسایی لە دژی ئەم کەسە بگرنەبەر و بە دەنیاییشەوە ئەم ساختەکارە دواجار باجی کارە نایاسایی و ساختەکارییەکانی دەدات و بە سزای یاسایی خۆی دەگات.